# یەک جار لێدانیش زۆرە

KURDI

ئایا تۆ یان کەسێکی نزیکت بوەتە قوربانی زەبروزەنگی ناو خێزان؟ ئایا بیتاقەتیت، توورەیت یان دەترسیت؟ ئایا ئیستا بیر لەوە دەکەیتەوە کە دەبێ چی بکەیت و پەنا بۆ کێ بەریت؟ ئایا پێویستیت بە یارمەتی، پشتیوانی و رێنمایی هەیە؟ ئایا دەتەوێت باسی ئەزمونی خۆت سەبارەت بە زەبروزەنگ بکەیت لەگەل کەسێك دا کە بزانێت پێت بلێ کە دەبێ چی بکەیت وە کەسێك بێت لە دلەوە گوێت بۆ بگرێت و تێت بگات؟ ئەگەر وایە، ئەوا ئەم نووسراوەیە بەباشی بخوێنەوە.

## زەبروزەنگ لە هاوسەر و لەنێوان ژن ومێردا چی‌یە؟

زەبروزەنگ لە هاوسەر دەکرێت بەشێوەی لێدان بێت، پالّ پێوەنان و لێدان و زەبروزەنگی جنسی بێت. دەکرێت گوشاری گیانیش بێت، وەك قسەپێکوتن، بوختان کردن، ترساندن و هەڕەشەکردن بێت. زەبروزەنگ لە هاوسەر دەکرێت بەشێوەی دەرگا داخستنی مالەوە لەسەر هاوسەرەکە بێت وهێشتنەوەی بەبێ خۆراك و پارە و دابڕینی کەسەکە بێت لە هەموو پەیوەندی‌یەکی بە دەرەوەی مالەوە. زەبروزەنگ دەکرێت بەشێوەی زەرەر وزیانی داراییش بێت یان گوشاری ئابووری بۆ هێنان بێت.
زەبر و زەنگ بەداخەوە زۆر و گشتی‌یە. کە بە شێوەی ئاسایی پیاو ئەنجامی دەدات و تاوانبارە. پیاوەکە دەکرێت مێرد، رەفیق، برا یان کوڕی گەورەی قوربانی‌یەکە بێت. کەسێك کە زەبروزەنگی لەبەرامبەردا دەکرێت بەزۆری ژنە کە: ژنی، کچە رەفیق، خوشك یان دایکی پیری کەسەکەیە. لە هەندێ حالەتی کەمیشدا ژنیش زەبروزەنگ دەنوێنێ.

ئەنجامەکانی زەبروزەنگ دەکرێت قوربانی‌یەکە تووشی ترس و نارەحەتی زۆر بکات. تاچەندیش کەسەکان زەبروزەنگیان زۆر چەشتبێت ئەوەندەش زیانەکەنانی قولّ ترە– هەست بە خەفەت، مەینەت، دلّ تەنگی و بێ تاقەتی، ترس و هەستی بێ ئەمان و بێ هێوایی، بێ توانایی، قین لەدلّ بوون، گیروگرفتی دەرونی، بەکارهێنانی ئەلکحول و ماکی گێژکەر و هتد.

بەلاّم هەمیشە هیوا هەیە. دەکرێت لە چەندین جارە بوونەوەی زەبروزەنگ کەسەکە رزگاری ببێ. زۆر کەس توانیویانە خۆیان نەجات بدەن لە پەیوەندیەك کە زەبروزەنگی تێدایە. ئەو کەسانەش کە زەبروزەنگیان نواندوە توانراوە بکێشرێنە ژێر بەرنامەی چارەسەرکردنەوە، کە خۆیشی بە زەبروزەنگەکانی‌دا چوەتەوە و بریاری داوە کە کۆتایی بە هەلس وکەوتی زەبروزەنگانەی بهێنێ. دوای ئەوە بۆ درێژە پێدانی پەیوەندی‌یەکەیان زەمینەیەکی ئاسایش و سەلامەتیان بەدەست هێناوە.

## گشتی بوونی زەبروزەنگ

بەپێی ئامارێك کە لەسالّی ١٩٩٨ دا کراوە، ٤٠٪ ی ژنانی فنلاندی بەرەو ڕووی زەبروزەنگی فیزیکی یان جنسی مێردەکەیان بوونەتەوە یان کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی زەبروزەنگیان. یەك پێنجەمی ئەو ژنانەی کە لە لێکۆلّینەوەکەدا بەشداری‌یان کردوە باسی ئەوەیان کردوە کە لە پەیوەندی خێزانی ئێستایاندا بەرەو رووی زەبروزەنگی فیزیکی بوونەتەوە. لە درێژایی لێکۆلّینەوەکەدا دەرکەوتووە کە لە ماوەی یەك سالّدا ٩٠٠٠٠ ژن زەبروزەنگی فیزیکیان لەلایەن پیاوەوە لێکراوە.

## زەبروزەنگ لە خێزاندا زیان لە منداڵیش دەدات

ئەگەر زەبروزەنگ بەرامبەر بە دایك بکرێت ئەوا مەترسی ئەوش زیاتر دەبێت کە منداڵیش بەر بکەوێت. منداڵیش لەو نێوەدا وەك رێگایەك بۆ گوشار هێنان بۆ یەکتر بەکار دەهێنرێت. ئەنجامی بەکارهێنانی زەبروزونگ زیان لە منداڵەکەش دەدات. منداڵەکە لەوانەیە بەدرێژایی چەندین سالّ داخ و برینی گریانی دایکی و قیڕە وهاواری باوکی ولێدانەکانی لە دلّی خۆیدا هەلّبگرێت. بەتایبەت ئەوانەی کە لە مالّەوە زەبروزەنگیان دیوە، دەبنە کەسانێك کە زەبروزەنگ دەنوێنن یان قوربانی زەبروزەنگ بن. بەلاّم پێویست ناکات ئەم بەسەرهاتە ببینیت. دەکرێت ئەم ڕێگایە بڕدرێت.

## هیچ شتێك مافی بەکارهێنانی زەبروزەنگ نادات

هیچ بنچینەیەك بۆ بەکارهێنانی زەبروزەنگ نی‌یە. هەڕەشەی جیابوونەوە، حەسادەت، ترسی بەجێ هێشتن، جنس لەگەل نەکردن، منداڵی زەحمەت، بارودۆخی ئابووری یان خانووی بچوك هیچ هەقێك بەکەسەکە نادات بۆ بەکارهێنانی زەبروزەنگ. تەنانەت یەك جار لێدانیش زۆرە.

KURDI

## زەبروزەنگ تاوانە

دادستان دەتوانێ تاوان بەرزبکاتەوە بۆ دادگا سەبارەت بە زەبروزەنگێك کە لەماڵەوە ئەنجام دراوە، هەرچەندە قوربانی‌یەکەش شکاتی نەکردبێت یان داوای سزای بۆ نەکردبێت. هەر جۆرە لێدانێك چ لە شوێنی تایبەتی‌دا وە چ لە شوێنی گشتی‌دا رووی دابێت بە تاوان دەژمێردرێ و یاسا لێی دەکۆلێتەوە. بەڵام دەبێ بۆ هەر زەبروزەنگیك لەلای پۆلیس شکات بکرێت.

یاسای قەدەغەی نزیك بوونەوە لە سەرەتای ساڵی ۱۹۹۹ وە هاتە ئاراوە. مەبەست لەم یاسایە بەرگری‌یە لە تاوان ودەرفەتی باشتر دەدات بەدەستەوە بۆ بەرگرتن بە هەڕەشەی بێزارکردن و زەبروزەنگ نواندنی توند. ئەو کەسەی قەدەغەی نزیك بوونەوەی بەسەردا سەپێنراوە بۆی نی‌یە کەسەکەی کە پارێزگاری لێ دەکرێت، ببینێ ویان پەیوەندی پێوە بکات. هەروەها ناشتوانێت شوێنی ئەو کەسە بکەوێت یان چاودێری بکات. قەدەغەی نزیك بوونەوە یان لە پۆلیس ویان راستەوخۆ لە دادگا داوا دەکرێت. کەسێك کە تاوانی زەبروزەنگی نواند لەسەر بێ یان هەڕەشەی زەبر نواندنی کردبێ لە کەسێکی تر دەشتوانرێت نیشتەجێبوونی لە شوێنێکی دیاری کراودا لێ قەدەغە بکرێت، بۆ نموونە نابێ لە ماڵی یان شوێنی کاری کەسە پارێزگاری لێکراوەکە و دەوروبەری بژی.

بۆ بەدەست هێنانی زانیاری زیاتر سەبارەت بە قەدەغەی نزیك بوونەوە لە ناونیشانی ئیتەرنێت www.poliisi.fi بەدەست دێت.

## داوای یارمەتی بکە

زەبروزەنگ لەخۆیەوە تەواو نابێ. هەر بۆیە هەر کەسێك بەرەو ڕووی زەبروزەنگ بووەوە پێویستە خۆی داوای یارمەتی بکات. هەرچەندە زەبروزەنگەکە هەموو رۆژێکیش نەبێ، بەڵام هەڕەشەکەی لەوانەیە بەردەوام هەبێ. ئەگەر بەردەوام دووبارە بوونەوەی زەبروزەنگ کۆتایی پێ نەهێنرێت، لەوانەیە زۆر توندو تیژ ببێتەوە و زیاتر ڕوو بدات.

یارمەتی بۆ هەردوو لا چ بۆ قوربانی‌یەکە وچ بۆ بەکارهێنەرەکە هەیە. پەیوەندی بکە و لەگەل پسپۆڕی یارمەتی‌دەر قسەوباس بکە. دەتوانن پێکەوە بیر بکەنەوە لەسەر شێوەی یارمەتی‌یەك کە تۆ و کەسە نزیکەکەت پێویستانە. بۆ ژیانێکی ئاسوودە و سەلامەت و ئارام بوونی ماڵەکەت گرنگە. هەموو کەسێك ماڤ ئەوەی هەیە کە لە ژیانێکی بێ زەبروزەنگ بەهرەمەند بێت.

### ئەو تەلەفونە سەرتاسەری‌یانەی یارمەتی پێشکەش دەکەن:

**ژمارەی تەنگانەی گشتی** 112

**ژمارەی تەنگانەی پۆلیس** 10022

**ژمارەی ئێشك بۆ قوربانیانی تاوان** 0600-16116

**ژمارەی ئێشك بۆ قوربانیانی تاوان– راوێژی یاسایی** 0600-16117

**بنکەی قەیرانی ئیغتساب بۆ پشتیوانی ژنان** (Raiskauskriisikeskus Tukinainen) 0800-97899

**بنکەی قەیرانی ئیغتساب بۆ پشتیوانی ژنان– ئێشك گری یاسایی** 0800-97895

**تەلەفونی** Lyömätön Linja 61266212

**بنکەکانی یوسی وخانووی دایکانەی یەکەم ویەکیتی خانووەکانی پارێزگاری، بۆ پرسیارکردن** (09) 4542440

**تەلەفونی راوێژی** Väkivallattomat ry (09) 7261600

**رێکخراوی فرەفەرهەنگی** Monika ry (09) 41148700

**بنکەی تەندروستی، راوێژگای خێزان یان بنکەی ووت و وێژی خێزان لە شوێنی نیشتەجێی خۆت**

## یەك جار لێدانیش زۆرە!

**ئەم نووسراوەیە لە ئینتەرنێتی** www.vakivalta.net **پەیدای دەکەیت**

**ئەم نووسراوەیە نووسراوە لەلایەن:**

**پڕۆژەی بەرگری لە زەبروزەنگ و لەشفرۆشی ژنان** Naisiin kohdistuvan väkivallan ja prostituution ehkäisyhanke

Stakes, PL 220, 00531 Helsinki

**تەلەفون:** (09) 39671 ، **فاکس:** (09) 3967 2201